# شێتانه

ێقبالٚ حه نیفی ( سیروان)
sirwan_e@yahoo.se



من که عاشق بم شێتانه عاشق ده بم
من که شێت بم عاشقانه شێت ده بم
من که عاشق بم
هه مو سنوره کان ئه به زێنم
هه مو ترسه کان ئه خنکێنم
من که عاشق بم هه مو سالاّنی ته مه نم فیدای چرکه ێک ئه که م و
چرکه ێک ئه وین له گه لٚ هه تاویشدا ناگۆڕمه وه
من که عاشق بم شێتانه ئه نوسم و
شێتانه هاوار ئه که م و
شێتانه له ده رگه ی مالاّن ئه ده م
مالٚی عه شقی من هیچ ده رگایکی نابێ و
ده رگای مالٚه که م هیچ قۆفلێک
من که عاشق بم چیدی فرمێسکه کانم قه تیس ناکه م و
قاقای پێکه نینم شه ته ک ناده م،
چاوه کانم خۆمار و مه ست
به بالاّی دا هه لٚده سوم و
لێوه کانم هه رده م شێعر و گۆرانیان له باوه شدایه.
من که عاشق بم هه مو دنیا له کۆلٚ ئه گرم،
ده ریاێک ئه سرین و
کێوێک ماته م و
سه رزه مینێک برسیه تی و
ده شتێک دو دلٚی و.........
له جانتاکه م دا کۆ ئه که مه وه و

له چاوه كانی خۆره تاودا ئه یانسوتێنم
من كه عاشق بم تینوێتیم به ماچ ئه شكێنم و
زامه كانم به باوه ش سارێژ ده كه م و
نه فره ت له هه مو نه ریته گه نیوه كان ئه كه م،
من كه عاشق بم هه مو شه وێک ئه ستێره كان ئه كه م به شایه د و
له زه می دارێستا نه كانیش ناترسم و
.بۆنی گۆڵه كان به دیاری له گه ردنت هه ڵده واسم
من كه عاشق بم قه د نامرم،
من كه عاشق بم خۆ ناكۆژم و
خه ونی شه م و په پوله س تێک ئه ده م
تا چاره نوسی شه م هه ر نه بێته سوتان و
هی په پوله ش هه ناسه هه ڵكێشان
ئه وه ی خۆی سوتان قه د عاشق نه بو
ئه وه ی خۆی كوشت قه د نه یزانی عه شق یانێ چی
.........
من كه عاشق بم هه مو ئینجانه شكاوه كان فڕێ ئه ده م و
گۆڵه كان له باخه ڵی دیوارا ئه چێنم
من كه عاشق بم شێعره شه ته ک دراوه كان ئه كه م به سه رین و
چیرۆ كه كان ئه كه م به لێفه و
له باوه شی شێتانه ی تۆدا چاوه كانم بۆ ساتێک خه و داده خه م
من كه عاشق بم لا له دوێنێ ناكه مه وه و
خه ون به سبه ینێ وه نابینم
تاجی زێڕین له سه ر هه مو ئێستام ده كه م و هه نوكه م ده كه م به پادشا
من كه عاشق بم شێتانه عاشق ده بم،
من كه شێت بم عا شقانه شێت ده بم
...........
من كه عاشق بم كۆڵانه داخراوه كانی شاره كه ش ڕێگام لێ داناخه ن و
بێ ئه وه ی له ده رگا بده م نه ترسانه به حه وشه دا تێ ئه په ڕم و
له په نجه ره وه بۆ سه ربان هه لده كشێم و
خۆم له كوچه كه ی ئه و دیو دا ئازاد ئه كه م
من كه عاشق بم هه مو دیواره كان و
هه مو شه قامه كان و
باخچه كانیش له ئاوێنه دروست ده كه م
تا كو هه ر ده م له ئاوێنه دا،

له چاوه كانمدا
له دڵمدا لارو له نجه ی شادانه و شێتانه ت ببینم
من كه عاشق بم شه وانه له ئامێزت ده گرم له جیاتی شه وباش و
به یانان ماچت ده كه م له جیاتی به یانی باش
من كه عاشق بم هه مو ده ماره كانم عاشق ده بن
هه مو خانه كانی له شم عاشق ده بن
هه مو خه ونه كانم عاشق ده بن
هه مو شێعره كانم عاشق ده بن
من كه عاشق بم شێتانه عاشق ده بم
من كه شێت بم عاشقانه شێت ده بم
..........
من كه عاشق بم دڵته نگترین گۆرانیه كانیش وه سه رچوپیم ده خات
هه مو گۆرستانه كان له خۆمدا ئه نێژم و
.هه مو باڵای خۆم له باخچه كه ی به رماڵتان
من كه عاشق بم سوجده بۆ هه مو خۆداكان ده به م
سینگی هه مو كتێبه كان ماچ ده كه م
نه ته نیا گوڵه كان به ڵكو درۆوه كانیش له باوه ش ده گرم و
هیچ خۆداێک نامترسێنێ و
هیچ كتێبێک نامگۆرێت و
هیچ درۆیێک زامارم ناكات
من كه عاشق بم هه مو راستیه كان عاشق ده بن
هه مو مردووه كان باڵا ده كه ن
هه مو قه ڵه مه كان شێعر دا ئه رێژن و
نه ته نیا روباره كان
به لكو جۆگه كانی قه راخ شاریش حه زی باوه شی ده ریایان له ده روندا
ئه ته قێته وه
من كه عاشق بم مه رگ عاشق ده بێ
سه ركرده و سه رباز و دز و جه رده و حه یوانه كانیش عاشق ده بن
من كه عاشق بم شه یتانه كان جل و به رگه كانیان ده ردێنن و
له زه مزه می ئه ستێره یێكدا خۆیان ده شۆن و
چوار وه رزی ساڵ له به ر قیبله ی پاكی یه كاندا كرنۆش ده به ن و
.سكاڵا بۆ منداڵه هه ژاره كانی نیشتمانێكی وێران ئه كه ن
من كه عاشق بم سه وزه ڵانی له له شی ساڵم نابێته وه
له شی خاكم هێلانه ی حه زی بارانه و

باڵنده كان به بێ وچان گۆرانی ئه ڵێنه وه
من كه عاسق بم له گه‌ڵ گزنگی به ر به یاندا پێ ده گرم و
خۆ به شه ونم ئه شۆم و
بۆنی یاسه كانی سه ر دیوار له خۆ ئه ده م
من كه عاشق بم سه هۆڵ به ندان نامته زێنێ
رژنه ی باران ته ڕم ناكا و
شه ماڵه ی ئا گر نامسوتێنێ
من كه عاشق بم شێتانه عاشق ده بم
من كه شێت بم عاشقانه شێت ده بم
........................
............
....
من كه عاشق بوم خۆزگه له لام بێگانه بو
ێستاكه ش شێتم و خۆزگه ی هێمن هه مو ساتێ له ماڵمه
خۆزگه وه ك خۆر نه مدیبایه شه وی تار
خۆزگه تاوێ ڕام نه بوردایێ بێ یار
خۆزگه پیری كه له لای نه ده كردم
خۆزگه له یه كه م ژوانگه دا ده مردم
.............
..........
......
....
خۆزگه: چوارینه ی مامۆستا هێمن

2006.03.12